د. کەمال مەزهەر

سەرنج دەربارەی «مێژوو»

ئەو بەرهەمەی سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشێ و خامەیان دەبزوێنێ دەبێ لەژیانی ڕووناکبیریدا جێگەیەکی بۆ خۆی کردبێتەوە . زۆر زەحمەتیشە هیچ جۆرە کەلێن و ناتەواوی‌یەک نەکەوێتە ناو کتێبێکی بە قەوارە گەورەی وەک «مێژوو»وە[1] . ماوەیەک لەمەوبەر لە وتارێکمدا باسی خەلاتی «مێژوو»م کرد[2] ، وا لەم وتارەشدا چەند سەرنجێکی هاوڕێ و برایان دەربارەی دەخەمە بەرچاو کە ، کاریان ڕاست ، گەلێک هەڵەیان بۆ ڕاست کردوومەتەوە .

١ ـ «مێژوو» لای مامۆستا حیلمی

دەربارەی نرخاندنە بەرزەکەی مامۆستا حیلمی عەلی شەریف لە ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا[3] هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم بێ ئەندازە بەختەوەرم بەرهەمەکانم بەو ڕادەیە بە دڵی دڵسۆزانی پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیری کورد بن . چەند لایەنێکی وتارەکەی پێویستیان بە کەمێک ڕوونکردنەوەیە ، نەک وەلامدانەوە .

کاکە حیلمی :

ئەو قسەیەی لە «مێژوو»دا گوتراوە کە «ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەوپێش دەڕوات ، لەوانەیە بۆ ماوەیەک بوەستێت ، بەلام هەرگیز بەرەوپاش ناگەڕێتەوە»[4] پوختەی بیروباوەڕی زانا کەڵەکانی مەتریالیزمی مێژوویی‌یە . ڕاستە هێڵی بەیانی‌ی زانست بێ‌قۆرت و بێ کۆسپ هەر بەرەوژوور دەبێتەوەو هێڵی بەیانی‌ی مێژوو ڕاستەوخۆ لە نزمەوە ڕوو لە بەرزی ناکات ، بەلام لەگەل هەموو قۆرت و وەستانەکانیشیدا ئینجا ڕەوڕەوەی مێژوو هەر بەرەوپێش دەڕوات . بێ‌گومان عێراقی ڕۆژگاری هۆلاکۆ بە نیسبەت ڕۆژگاری هارونە ڕەشیدەوە گەڕانە دواوە بوو ، بەلام هەر بەو ڕادەیەش بێ گومان ئەو دانە دواوەیە عێراقی لە ڕژێمی دەرەبەگی‌یەوە نەگێڕایەوە سەر ڕژێمی کۆیلەیی ، واتە لەگەل هەموو مەینەتی‌یەکیدا عێراقی ژێردەستەی هۆلاکۆی خوێنڕێژ لە ڕووی ئەمرازی بەرهەمهێنان و جۆری چەوساندنەوەو ڕووکەشی ژیاری‌یەوە هێشتا لەسەروو عێراقی سۆمەرو ئەکەدو بابلەوە بوو . ڕاستە زەبرو زەنگی هۆلاکۆو خوێنڕێژی‌ی چەتەولە دێوەزمەکانی گەلێک لە خێرایی بەرەوپێش چوونی ڕەوڕەوەی مێژووی عێراقیان بۆ قۆناغی داهاتو کەم کردەوە ، بەلام بەهیچ جۆر بۆیان نەوەستێنرا . لە مێژووی سەرانسەری جیهاندا کۆمەڵگایەک نەبووە لە قۆناغێکی مێژوویی‌یەوە گەڕابێتەوە قۆناغێکی پێش خۆی . گەلان هەموویان بەرەوپێش دەچن ، جیاوازی تەنها لە ڕادەی خێرایی ئەو بەرەوپێش چوونەدا هەیە . هەر لەبەر ئەوەشە دەگوترێ «ڕەوڕەوەی مێژوو وەک میلی سەعات وایە ، بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە» . خۆ ئەگەر وا نەبێ ئەوساکە مێژوو لە یەکێک لە مەرجە سەرەکی‌یەکانی زانست بێ‌بەری دەبێ .

دەربارەی شوێنی سەردار لە مێژوودا دەڵێم : بەداخەوە زۆربەی خوێندەواری کورد لەو باوەڕەدان هێزدارو زۆردار مێژوو دەنووسنەوەو هەرچی جەماوەرە داشی دامەی بێ‌هەست و گیانی دەستی ئەوانە . بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو بیرە ، کەبەلای منەوە هەڵەیە ، دەبوو لە «مێژوو»دا زیاترپێ

لەسەر ئەو لایەنەی باسەکە دابگرم و بە شێوەیەکی ئانالۆزو بەپێی بۆچوونی خۆم وێنەی راستەقینەی درووست بوونی روداوی مێژوویی بۆ خوێنەر بکێشم . ئەو هەوڵە وا ناگەیێنێ من ، وەك مامۆستا حیلمی دەڵێ ، «بایەخ و وەستایەتی و هەڵکەوتوویی سەرکردەی لێوەشاوەو راستەقینەو هەڵبژاردە»م سەرەوژێر کردووە . دەقی قسەکانم دەربارەی سەرکردەو دەوری لە مێژوودا بەم جۆرەیە :

«ئەم بۆچوونە (واتە دەوری سەرەکیی کۆمەلانی خەلك) وا ناگەیێنێت تاك دەوری لە مێژوودا نییە . سەردارو سەرۆکی داناو چاونەترس و دووربین دەتوانێت دەوری زۆر گەورە ببینێت ، ئەوەی بەر لە هەموو شت لەسەر رادەی تێگەیشتنی ئەرکەکانی رۆژگار وەستاوە . ئەو سەردارەی بزانێت چی پێویستەو مەرجی سەرکەوتن لەچیدایە هەڵبەت دەتوانێت دەوری چاك و دیار ببینێت . هەر ئەوانەش بۆ خۆیان سەرداری سەرکەوتوو دروست دەکەن»[4] .

پێم وایە لە ناوەرۆکی هەڵسەنگاندنی شوێنی سەردارو سەرۆکدا بە ئەستووری سەرە موویەك جیاوازی لە نێوان بۆچوونی مامۆستا حیلمی و مندا نییە . لەساڵی 1970وە ، لەدەرسی یەکەمدا کە دێمە سەر باسی شوێنی سەردار لە مێژوودا روو دەکەمە قوتابییەکانم و پێیان دەڵێم :

«گەر باشترین و جوانترین کەرەستە بدەینە دەست وەستایەکی ناشی نیمچە کەلاوەیەکمان بۆ دروست دەکات ، وەستایەکی لێهاتووش هەر لەو کەرەستەیە دەتوانێ کۆشکێکی رازاوەمان بداتێ !» .

جا خۆشبەختانە دەڵێم بێ ئەوەی ئاگامان لێك بێ مامۆستا حیلمیش لە وتارەکەیدا پەنای بردۆتە بەر هەمان نموونەی ساکارو سەلمێنەر .

دوور نییە ، وەك مامۆستا حیلمی دەڵێ ، لەو هەوڵەدا کە داومە بۆ کەڵك وەرگرتن لەشێوازی جیاوازی زمانی کوردی بۆم نەهاتبێ . دیارە یەکگرتنی تەواوی زمانی کوردی تا رادەیەکی زۆر بەستەیە بە یەکگرتنی تەواوی ئابووریی کوردستانەوە کە دەبێتە هۆی تێکەڵی زیاترو پێکەوە بەستنی توندتری ناوچە کوردەوارییە جیاوازەکان . بە داخەوە لەبەر گەلێك هۆی ئاشکرا رەورەوەی ئەو دیاردە گرنگە زۆر هێدی و لەسەر خۆ بەرەوپێش دەروات . بەلام بەپێی تاقیکردنەوەکانی ئەورووپاو ئەو گەلانەی کاتی خۆی هاودۆخی کورد بوون نووسەرو ئەدیبان دەتوانن لە رێگەی بەرهەمیانەوە بەوشەو زاراوی هەڵبژاردەو لەبار مۆتوربەی شێوازێکی سەرەکیی زمانی نەتەوەیی بکەن و دەور لە نزیکخستنەوەی دیالێکتەکانیدا ببینن . دانتێ تۆسکانیی هەڵبژاردو بەوشەی شێوازەکانی تر کەلێنەکانی پرکردەوەو بەو جۆرە بناغەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی بۆ گەلی ئیتالی دارشت . با ئەوەیش بڵێین ئەو وشەو زاراوانەی بەلای ئێمەی بە عومرا چوودا گران دێنە گوێ زۆر ئاسان و رەوان دەرژێنە ناو مێشك و دەروونی منداڵەکانمانەوە . تازە گەرابوومەوە ، لەگەڵ چەند برادەرێکدا چووینە سەرچاوەی زەڵم . لەوێ لەگەڵ منداڵێکدا کەوتمە گفتوگۆ ، لێم پرسی «لە صنفی چەندی ؟» ، بەخەندەوە گوتی «مامۆستا لە پۆلی دووەم» . منیش وەك خەندەکەی ئەو گەشکە بووم . زۆرم پێ خۆشە هەندرێنی خوشکەزام لە رێگەی زاراوە کوردییەکانەوە دەتوانێ لە زاراوە لاتینییە قورسەکانی ئەناتۆمیاو کاری پزیشکی باشتر تێ بگات .

جا لەوانەیە ، بابڵێین (جفات)ی بادینی کەمن کرنووشی بۆ دەبەم و بەخۆشی یەوە لەبریتی «نەقابە»و «یەکیەتی» بەکاری دێنم ، کەمێك گران بێتە گوێی ئێمەو مانان .

دوور نییە وەك مامۆستا حیلمی دەڵێ بێ ئاگا «في

الحقيقة»ی عه‌ره‌بی کاری تێکردبم‌و له‌ بریتی (ڕاستێکه‌ی‌و ئه‌وی ڕاست‌بێ‌و ڕاستت ئه‌وێ)ی خۆمانه‌ له‌ ڕاستیدام به‌کار هێنابێ .

به‌ڵام ئه‌وه‌یش ڕاسته‌ که‌ زمان له‌ گه‌شه‌کردن‌و په‌ره‌سه‌ندندایه‌و کار ده‌کاته‌ سه‌ر زمانان‌و زمانان کاری تێده‌که‌ن . له‌سه‌رانسه‌ری دونیادا زمانێك نی‌یه‌ بتوانێ به‌گۆشه‌گیری بخه‌ملێ ، یا پێشکه‌وێ . بمانه‌وێ‌و نه‌مانه‌وێ عه‌ره‌بی‌و فارسی‌و تورکی له‌چه‌ند ڕێگه‌یه‌که‌وه‌ له‌زمانی کوردیدا ڕه‌نگیان داوه‌ته‌وه‌ ، هه‌روه‌ك چۆن ئه‌ویش ، به‌ڵام که‌متر ، له‌واندا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌ . ماوه‌یه‌که‌ ئینگلیزی‌و فه‌ره‌نسی‌و ڕووسی‌و لاتینیش خه‌ریکن بێ قاچاغ تێکه‌ڵ به‌زمانه‌که‌مان ده‌بن‌و ئه‌وه‌یش تا ڕاده‌یه‌کی زۆر به‌ره‌وپێش‌چوونی کورد نیشان ده‌دات ، بۆیه‌کا مایه‌ی به‌خته‌وه‌ری‌یه‌ ، ئه‌و دیارده‌ ئاسایی‌یه‌ له‌ زمانه‌ هه‌ره‌ به‌تواناکانی وه‌ك عه‌ره‌بیشدا به‌دی ده‌کرێ . ته‌نانه‌ت هیچ دوور نی‌یه‌ «في الحقيقة»که‌ی مامۆستا حیلمی که‌ ئیسته‌ له‌ناو عه‌ره‌بدا له‌ڕاده‌ به‌ده‌ر باوه‌ له‌ (in fact)ی ئینگلیزی‌یه‌وه‌ هاتبێ .

نمونه‌یه‌کی‌تر : دووسێ سه‌ده‌ له‌مه‌وبه‌ر نه‌ له‌زمانی عه‌ره‌بی‌ی به‌تواناداو نه‌ له‌ زمانی فارسی‌ی پڕ له‌ ئاوازداو نه‌ له‌هیچ زمانێکی تری گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵاتی دێریندا زاراوێك نه‌بوو به‌ناوی «ڕۆژهه‌ڵاتی نزیك» یا «ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست» یا «ڕۆژهه‌ڵاتی دوور»ه‌وه‌ . ئه‌و زاراوانه‌ له‌گه‌ڵ په‌ره‌سه‌ندنی ده‌سه‌ڵاتی وڵاته‌ گه‌وره‌کان له‌ناو زمانه‌ ئه‌وروپایی‌یه‌کاندا دروست بوون ، هه‌رچه‌نده‌ هیچ کامێکیشیان له‌ ڕووی جوگرافی‌یه‌وه‌ ڕاست نین ، چونکه‌ ئه‌و وڵاته‌ی وه‌ك عیراق‌و تورکیا بۆ ئه‌وروپا ڕۆژهه‌ڵاتێکی نزیکه‌ بۆ چین‌و ژاپۆن ڕۆژئاوایه‌کی نزیکه‌ ، یا ئه‌و وڵاته‌ی وه‌ك کوریاو ڤێتنام بۆ ئه‌وروپا ڕۆژهه‌ڵاتێکی دووره‌ بۆ سوریه‌و ئێران ڕۆژهه‌ڵاتێکی نزیکه‌ .

که‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سه‌رتاپای زمانان ئه‌و سێ زاراوه‌و ، گه‌لێکی‌تری وه‌ك ئه‌وانیان بێ هیچ لاری‌یه‌ك وه‌رگرتووه‌و وه‌ك ئه‌وان به‌کاریان ده‌هێنن . ئه‌و کاره‌ ، به‌ هه‌موو پێودانێك ، دروست‌و ڕه‌وایه‌ .

سوپاسی بێپایانم بۆ هه‌ستی به‌رزی برای خۆشه‌ویستم حیلمی عه‌لی شه‌ریف !

2 ـ ده‌رباره‌ی گه‌ڕانه‌وه‌ی مامۆستا ئه‌مین زه‌کی

وه‌ك له‌ لاپه‌ڕه‌ 155ی «مێژوو»دا باسم کردووه‌ ده‌رباره‌ی گه‌ڕانه‌وه‌ی مامۆستا ئه‌مین زه‌کی له‌ ئه‌سته‌مووڵه‌وه‌ بۆعیراق دوو ڕاهه‌یه‌ . به‌پێی یه‌که‌میان ده‌بێ کۆتایی حوزه‌یران ـ سه‌ره‌تای مانگی ته‌مموزی ساڵی 1924 گه‌ڕابێته‌وه‌ . به‌ڵام سانیحه‌ خانی کچی خوالێخۆشبوو تا ئیسته‌ش سووره‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی باوکی ناوه‌ندی ساڵی 1923 گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ به‌غدا .

من بۆخۆم زیاتر له‌گه‌ڵ ڕای یه‌که‌مدام ، به‌تایبه‌تی دوای ئه‌وه‌ی به‌ڕێز دوکتۆر ئه‌وره‌حمانی حاجی مار ف ئه‌وه‌ی هێنایه‌وه‌ یادم که‌ له‌ پاشکۆی چاپی یه‌که‌می «خلاصه‌یه‌کی تاریخی کوردو کوردستان»دا مامۆستا ئه‌مین زه‌کی بۆ خۆی نووسیوی‌یه‌ کۆتایی حوزه‌یرانی ساڵی 1924 گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ . مامۆستا محه‌مه‌د عه‌لی عه‌ونیش له‌پاشبه‌ندی چاپی عه‌ره‌بی‌ی ئه‌و کتێبه‌دا هه‌مان ساڵی تۆمار کردووه‌[5] .

سه‌رچاوه‌یه‌کی باوه‌ڕپێکراوی تریش باسی هه‌مان ساڵی کردووه‌ . ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌ ڕابه‌رێکی گشتی‌یه‌ ده‌رباره‌ی عیراق که‌ ساڵی 1936 چاپ کراوه‌[6] ، له‌ لاپه‌ڕه‌ 574 — 575یدا به‌م جۆره‌ پوخته‌ی ژیانی مامۆستا ئه‌مین زه‌کی‌ی بۆ تۆمار کردووین :

«ساڵی 1880 له‌ شاری سلێمانی له‌ دایك بووه‌ . له‌ ئه‌سته‌مووڵ کۆلیجی سه‌ربازی‌و ئه‌رکانی ته‌واو کردووه‌ . ساڵی 1902 بووه‌ ئه‌فسه‌ر . هه‌ر ئه‌و ساڵه‌ش له‌ له‌شکری شه‌شه‌می عوسمانی که‌به‌غدا بنکه‌ی بوو ، دامه‌زرا . له‌ ساڵی 1903وه‌ بووه‌ ئه‌ندازیارو له‌ ساڵی 1908وه‌ گه‌ڕایه‌وه‌ سوپاو بووه‌ ئه‌فسه‌ری تۆپۆگرافی .

ساڵی 1910 بووه‌ یه‌کێك له‌ ئه‌ندامانی لیژنه‌ی دیارکردنی سنووری نێوان تورکیاو به‌لگاریاو پاشان بووه‌ ئه‌ندامی لیژنه‌ی دیارکردنی سنووری نێوان تورکیاو ڕووسیا . له‌شه‌ڕی به‌ڵکاندا به‌شداری‌ی کردو ساڵی 1913 بۆ کاری سه‌ربازی نێررایه‌ فه‌ره‌نسه‌ . که‌ شه‌ڕی یه‌که‌م ده‌ستی پێکرد گوێزرایه‌وه‌ بنکه‌ی له‌شکری یه‌که‌م . ساڵی 1915 بووه‌ سه‌رهه‌نگ . هه‌ر ئه‌وساڵه‌ش گوێزرایه‌وه‌ عیراق‌و له‌ زۆربه‌ی شه‌ڕه‌کانی ئه‌و به‌ره‌ی جه‌نگه‌دا به‌شداری‌ی کرد . ساڵی 1917 کرایه‌ یاریده‌ری یه‌که‌می سه‌رکردایه‌تی له‌شکری حه‌وته‌م له‌ فه‌له‌ستین ، ئه‌وساکه‌ مسته‌فا که‌مال پاشا[7] فه‌رمانده‌ی له‌شکری حه‌وته‌م بوو . پاش

ماوەیەك گوێزرایەوە لەشکری سێیەم کە لە بەرەی قەفقاس بوو . دوای ئاگربەس[8] گوێزرایەوە «بەشی مێژووی شەڕ»و زنجیرەیەك بەرهەمی بایەخداری دەربارەی شەڕی عیراق دانا . ساڵی 1924 گەڕایەوە عیراق‌و کرایە پشکنەری فێرگەی سەربازی‌و ئینجا بووە بەڕێوەبەری هەمان فێرگەو دوای ئەویش هی فێرگەی مەشق . ساڵی 1925 لەپەرلەماندا بووە نوێنەری سلێمانی . هەر لەو ساڵەوە تاوەکو ساڵی 1927 بووە وەزیری هاتوچۆو کاروبار . ساڵی 1927 بووە وەزیری مەعاریف . ساڵی 1929 بووە وەزیری بەرگری . ساڵی 1931 بووە وەزیری ئابووری‌و هاتوچۆ ، ساڵی 1933 بووە کارگێڕی گشتی‌ی ئابووری‌و هاتوچۆ ، لەمارتی ساڵی 1935وە بۆ شەشەم جار بووە وەزیری ئابووری‌و هاتوچۆ»[9] .

ئینگلیزەکان لە ڕاپۆرتێکی نهێنی‌ی خۆیاندا باسی مامۆستا ئەمین زەکی بەگیان بەم جۆرەی لای خوارەوە کردووە :

«کوردەو خەڵکی سلێمانی‌یە . ساڵی 1880 لەدایك بووە . خوێندەوارێکی چاکە . بە فەرەنسی‌و ئەڵەمانی‌و ئینگلیزی دەدوێ . لە لەشکری عوسمانیدا ئەفسەری ڕوکن بووە . تەشرینی دووەمی ساڵی 1926 کرایە وەزیری کاروبارو هاتوچۆ . دوا بەدوای ئەوە بووە وەزیری مەعاریف‌و بەرگری . دەوری لەو وەزارەتانەی تیایاندا بەشدار دەبوو ، کەم بوو. لە سیاسەتیدا دەیەوێ کورد بە پشتگیری‌ی کردنی نەتەوە پەرستانی کورد ڕازی بکات ، هەوڵیش ئەدا ئەو هەڵوەستەی کار نەکاتە سەر پێوەندی‌ی لەگەڵ عەرەبدا . لە هەڵبژاردنی ساڵی 1930دا دەرنەچوو . تەمموزی ساڵی 1931 دیسان بووە وەزیری ئابووری‌و هاتوچۆ . تەشرینی یەکەمی ساڵی 1932 وازی هێنا . مارتی 1933 کرایە کارگێڕی گشتی‌ی ئابووری‌و هاتوچۆ ، بەڵام دوای لابردنی ئەو دەزگایە لە مانگی ئەیلولی 1934وە بێ کار مایەوە . مارتی ساڵی 1935 لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمیدا بووە وەزیری ئابووری‌و هاتوچۆ»[10] .

3 ـ «غونچەی بەهارستان»

خۆشم نازانم چۆن ئەوەم بەسەردا تێپەڕیوە کە کێوی بێستونی بەناوبانگ کەوتۆتە نزیك کرماشانەوە نەك هەمەدان . ڕاستێکەی نەدەبوو بکەومە ئەو هەڵەیەوە ، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی بۆ خۆم لە ڕێگەی بێستوونەوە چومەتە کرمانشا ، بەڵام وا دیارە پیری‌و هیلاکی زۆریان بۆ هێناوم !

برایان حیلمی عەلی شەریف‌و فەرەیدون عەلی ئەمین سەرنجیان بۆ ئەو هەڵەیەی لاپەڕە 45ی «مێژوو» ڕاکێشام . دووەمیان لەگەڵ چەند سەرنجێکی بەجێی زمانەوانیدا «غونچەی بەهارستان»ی مامۆستا حسەین حوزنی موکریانی‌و «کوردستان شوێنی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی لە 401ی پێش میلاددا»ی خوالێخۆشبوو حەسەن فەهمی جاف کردە دیاری‌ی دەستی بۆ «مێژوو» .

لە چەند شوێنێکی «مێژوودا» ناوی «غونچەی بەهارستان» هاتووە[11] . بەڵام وەك لە «مێژوو» خۆشیدا دیارە من بۆ خۆم «غونچەی بەهارستان»م نەدیبو تاوەکو بتوانم بە درێژی باسی ئەو کتێبە بکەم کە یەکەم بەرهەمی کوردی‌یە خۆی لە قەرەی زانستی مێژوو داوە . ناوی تەواوی ئەو کتێبە کە 94 لاپەڕەیەو ساڵی 1925 لە حەڵەب لە چاپخانەی «العصر الجديد» چاپ کراوە بەم جۆرەیە :

«غونچەی بەهارستان . جێی لێدەرکەوتنی‌و ژیانی‌و تەواوی تەمەدونی گەلانی کوردان»[12] .

لە ناویشەوە دوو جار ناوی کتێبەکەی گۆڕیوە ، یەکەمیان کردوویەتە «تاریخی کوردستان»و دووەم جاریشان کردوویەتە «تاریخی کوردان» .

لە هەموو دێڕێکی «غونچەی بەهارستان»دا بەئاسانی هەست بە دەریای بێ بنی خۆشەویستی گەل‌ونیشتمان لای موکریانی دەکەیت . زۆر جار شەپۆلی ڕەنگ سەوزو شینی هەستی ڕۆمانسی سەرانسەری ئەو دەریایەی داپۆشیوە . کوردستان لە «غونچەی بەهارستان»دا بۆتە «لانکی تەمەدون‌و پێشکەوتن‌و بلندی بۆ قەبائلی دیکە»و[13] کوردیش بۆتە «باوکی ئەقوامی ئاری»و یەکەم کەسێك کە «قانون‌و ئاین‌و قاعیدەیەکیان هێناوەتە گۆڕێ لە نێو تەواوی بەشەردا» . هەر لەوێدا کورد «ئەوەڵ کەسێکن (کاتێك) تەواوی بەشەر بە تەوەحوش لە کوێستانان‌و سەحرایاندا دەژیان‌و بە تالان‌و کوشتاری یەك‌و لە حاڵی بەدویاندا ڕایان‌دەبوارد ، ئەوان بە جوت‌و چاندن‌و دانیشتن لە دێهاتدا بەسەریان دەبردو ڕوو لە بلندی‌و پێشکەوتن عادەتیان گرت‌و قەبائلی دیکە لێیان وەردەگرتن . لەزەمانی پێشوو بە چل قەڕن پیاوی زۆر گەورەیان لێ پەیدا بوو وە بە دادو عەدل‌و ڕەشیدی‌و

جیهانگیریی ئیشتیهاری کردووه»[14] .

بەو جۆرە خوالێخۆشبوو دەیویست لاوانی گەل بزوێنێو ، هەستی شانازی لە قولایی دەرونیاندا هەلکەنێ . لەوەدا حسەین حوزنی موکریانی تاقانە نەبوو . گۆتەی ئەلەمانەکان کۆتای سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە گەلێك لەوەی موکریانی زیاتری کرد بۆ ئەوەی هەستی هاوولاتیانی بهێنێتە جوش‌و خرۆش .

زۆر بەداخەوە «کوردستان ـ شوێنی گەرانەوەی دەهەزار یۆنانی لە 401ی پێش میلاددا» کە نەوەی دلسۆزی جاف خوالێخۆشبوو حەسەن فەهمی لە فارسی‌یەوە کردوویەتە کوردی‌و سالی 1961 بە لێدووانەوە بلاوی کردۆتەوە[15] یەکێکە لەو بەرهەمانەی بەسەرمدا تێپەریوەو لە بیبلیۆگرافیای «مێژوو»دا ناویم نەهێناوە . هەرچەندە بە رەوایی شوێنی حەسەن فەهمی جاف لە «مێژوو»دا دیارە[16] ، بەلام هەلبەت ئەو بەرهەمەشی پایەو مەقامی لەبەر چاوی رووناکبیران بەرزتر دەکاتەوە .

4 ـ مینۆرسکی لە سلێمانی

بۆ چەند باسێکی رۆژنامەی «زبان» کە ناوی لە «مێژوو»دا هاتووە دیدەنی‌ی تایبەتیم لەگەل تیپکارانی محەمەد ئەمین رەباتی‌و ئەحمەد شوکری (دوکتۆر شۆ)دا کرد لە رێگەی ئەوانەوە بەوەم زانی کە کارگێرانی «ژیان»و «زبان» بەتایبەتی ژمارەکانی ئەو دوو رۆژنامەیەیان بۆ کوردناسی بەناوبانگ مینۆرسکی دەناردە لەندەن هەر ئەوانیش باسی هاتنی مینۆرسکی‌یان بۆ بەغداو سلێمانی‌و ، سەردانی لە چاپخانەی مەریوانی لە یەکەمیان‌و لە چاپخانەی شارەوانی لە دووەمیان ، کرد . منیش ئەو باسەم لە پەراوێزێکی «مێژوو»دا بەم جۆرەی لای خوارەوە گێراوەتەوە :

«وا دیارە مینۆرسکی دەوروبەری سالی 1930 بە بۆنەی یادی نۆسەد سالەی کۆچی دوایی شاعیری گەورە ئەبولقاسم فیردەوسی‌یەوە لە رێگەی عیراقەوە چۆتە ئێران ، یا لەوێوە بە عیراقدا گەراوەتەوە ، لەبەغدا لەگەل مامۆستا تۆفیق وەهبی سەری لە چاپخانەی مەریوانی داوە ، لە سلێمانیش لەگەل پیرەمێرد چۆتە چاپخانەی شارەوانی‌و بارەگای رۆژنامەی «ژیان»[17] .

بەرێز سەعید ناکام لەو بارەیەوە بۆی نووسیوم دەلێ :

«مینۆرسکی لە دەوروبەری سالی 1930 نا بەلکو لە سالی 1934دا بۆ بەشداری لە جەژنی هەزارە ـ نەك نۆسەد سالە ـ ی فیردەوسی لە ئێراندا هاتە سلێمانی‌و سەری لە چاپخانەی «ژیان» داو داوای لەپیرەمێرد کرد نمونەی شیعری چەند شاعیرێکی کوردی نوێی بۆ کۆبکاتەوە ، شیعری گۆران‌و بێکەس‌و میرزا مارف‌و بێخودی دایەو پارچە شیعرێکی منیش کە لە «ژیان»دا بلاوکرابووەو یەك دێریم بیر ماوە دەلێ :

لەپاش هەزار سال فیردەوسی‌ی توسی
دەزانن کێ‌یەو جەژنی بۆ دەگرن

لەبیرمە کە ناردیان وێنەگرێك هات لەبەر هەیوانی بەلەدیە کۆنەکە بەرامبەر قەیسەری نەقیب وێنەیەکی سێ قۆلی‌ی پیرەمێردو مینۆرسکی‌و من بە جلی کاری پیت چنی‌یەوە گیراو مینۆرسکی لەگەل خۆی بردی»[18] .

دیارە قسەکەی ناکام راستەو بۆچوونەکەی من هەمووی تەواو نی‌یە . بەلام من بەو «وا دیارە»یەی خستومەتە سەرەتای باسەکەوە دوودلی‌ی خۆمم نیشان داوە ، چونکە تاوەکو ئیستە سالی لەدایك بوونی فیردەوسی /بەتەواوەتی/ ساغ نەبۆتەوە ، هەن ئەو سالە بە 934ی عیسایی‌و هەشن بە 941ی دادەنین . تا ئیستە کۆچی دواییشی بەتەواوەتی نەزانراوە ، شارەزایان زۆر جار دەلێن فیردەوسی دەوروبەری سالی 1020 وەفاتی کردووە . جا لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەو بارەوە دیدەنیم لەگەل کردن هاتنەکەی مینۆرسکی‌یان خستە دەوروبەری سالی 1930وە منیش بە مەزەندە پێم وابوو دەبێ سمینارەکەی تاران بەبۆنەی 900 سالەی کۆچی دوایی فیردەوسی‌یەوە بووبێت . دوای نامەکەی ناکام زیاتر کەوتمە سۆراخی ئەو باسەو دەرکەوت سالی 1934 بە بۆنەی یادی هەزار سالەی لەدایك بوونی فیردەوسی‌یەوە لە ئێران‌و لە تاجیکستانی شورەوی ئاهەنگی تایبەتی‌یان ساز کردووە . کەوابێ مینۆرسکی سالی 1934 هاتۆتە سلێمانی .

شایانی باسە سەلامی شاعیریش لەدیوانەکەیدا باسی ئەو سەردانەی مینۆرسکی‌ی کردووە . لە پەراوێزی تەرجیع بەندی «بۆ کۆمەلەی ئەقوام»ە کەیدا نووسیوی‌یە دەلێ :

«هەروەها میستەر مینۆرسکی‌ی رۆژهەلاتی‌یەوانی بەناوبانگی ئینگلیزی سالی 1934 کە بۆ یادی هەزار سالەی

فیردەوسی هاتبو بچێ بۆ ئێران و هاتە سلێمانی ، وێنەیەکی ئەم هەلبەستەی لەگەل وێنەی شاعیردا وەرگرت و لەگەل خۆی بردی ...»[19] .

مامۆستا سەعید ناکام دەربارەی ڕۆژنامەی «زبان»یش بۆی نووسیوم دەلێ :

«ڕۆژنامەی (زبان) بایەخێکی لە شیاوی خۆی زیاتری ـ راوەتێ ، هەر لەبەر ئەوەی خۆتان واتەنی «بە ڕۆژنامەیەکی مێژوویی ناوی دەرکردووە» . مەجید یاقوبی لە ڕقی پیرەمێرد و «ژین» ەکەی بیری لە «زبان» کردەوەو هێنایە کایەوە ، لە کاتێکدا پیرەمێرد کۆنە مەکینەیەکی چاپی لە قەلەندەرخانەدا دامەزراندبو ، «ژیان»ی کردبوو بە «ژین» . بیرم نەماوە ئەو «زبان»ە چەند ژیاو چیی تێدا دەنووسرا ، بەلام گومانم لەوەدا نییە کە «باری قورسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دلسۆزیی ڕووناکبیرانی سلێمانی ئەو ناوەیان داسەپاند» ، یا «زبان لەناو ڕووناکبیراندا بە ڕۆژنامەیەکی مێژوویی ناوی دەرکرد» ، ڕستەیەکن بۆ ئەو ڕۆژنامەیە زۆری زیادەو تەرخان کردنی دوو لاپەڕەو نیو لەو کتێبە بەنرخەتان بۆی ، بۆ ئێوە دەبێتە دەستبلاوی کە دۆستانتان حەزناکەن لە نووسراوە زانستیی و بایبدارەکانتانا بەرچاو بکەون» .

لەم باسەیاندا ناتوانم ببمە هاوبیری ناکام ، هیچ نەبێ چونکە بێگومانم لەوەی ڕۆژنامە نووسیی کوردی بەشێکی بایەخداری مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلەکەمانەو هەر لەبەر ئەوەش گشت لاپەڕەکانی پێویستیان بە لێکدانەوەی زۆر و ڕوونکردنەوەی هەمەجۆرە . من دەلێم خۆزگە گەلێک زانیاریی ترم دەربارەی «زبان» دەستکەوتایە تاوەکو ئەوانیشم تۆمار بکردایە . دووپاتیشی دەکەمەوە کە « باری قورسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دلسۆزیی ڕووناکبیرانی سلێمانی » ی وەک صالح قەفتان ناوی « زبان » یان داسەپاند . دەستەیەک ڕووناکبیری دلسۆز دەیانویست هەرچۆنێک بێت ڕۆژنامەیەکی کوردی دەرچێ و توانای ئەوەیشیان نەبووە یەکێک بنێرنە بەغدا زەنگۆغرافێکی نوێیان بۆ دابڕێژێ ، بۆیەکا هێناویانە دوو خالی سەر پیتی (ژ) و خالێکی ژێر پیتی (ی) ی «ژیان» ەکەی پیرەمێردیان شکاندووەو ناوی «زبان» یان لێ داتاشیوەو بەو جۆرە ڕۆژنامەیەکی کوردیی نوێیان خستۆتە بەردەمی خوێندەواران . بڕوا ناکەم لە هیچ قوژبنێکی جیهاندا نموونەیەکی تری وا بەرچاو بکەوێ . هەلبەت ئەو نموونە دەگمەنە بەلگەی بێ پێچ و پەنای باری قورسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دلسۆزیی ڕووناکبیرانی کوردە کە ناکام بۆ خۆی زۆری لە تالی و شیرینی هەردووکیان چێشتووە !

5 – خەلاتێکی تری «مێژوو»

وا دیارە ئەو وتارەی دەربارەی خەلاتی «مێژوو» لە ژمارە چواردەی « کاروان » دا بلاوم کردۆتەوە هەستی ناسکی لاوی خوێنگەرمی کۆیە کاک دلێر عوسمان عەونی حەبیبی جولاندووەو ئەویش بڕیاری داوە دیارییەک پێشکەشی «مێژوو» بکات کە ، وەک خۆی دەلێ ، «تاوەکو ئێستە کەس نەیدیوە» . خاوەنی «مێژوو» بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو دیارییەی کاکە دلێرەکە ، دلنیای دەکەم ، شوێنی شیاوی خۆی دەگرێ .

هەر لەو وتارەشدا کە لە «کاروان» دا بلاوم کردبۆوە باسی ئیجازەکەی شێخی سەراجەددین بۆ حاجی ڕەسولی نەقشبەندیی و «لەهستان» ەکەی خوالێخۆشبوو مەحمود جەودەتم کردبوو ، بەلام بەهۆی هەلەیەکی پچووکەوە دەقی

(پولونیا)

(پولاندا) ویا لەهستانە

لە یادی سەرکوزەشتی میلەتێکا شین لە زەفەر چاکترە . چونکە کارەساتێکی ڕابوردو فرمانێکی ئایندەمان ئەخاتە سەرشان وفەرمانمان بێ ئەکا کە بەگەلە تێ کۆشین   ڕەمان

مەحمود جەودەت

سلیمانی : حوزەیران : ١٩٣٦

نرخی ١٠٠ فلس

بغداد لە چاپخانەی معارف چاپکراوە

سالی ١٩٤٠

وێنەی ئیجازەکەو بەرگی کتێبەکەی مەحمود جەودەت فریا نەکەوتن لەتەك وتارەکە خۆیدا بلاوبکرێنەوە ، وا لەگەل ئەم وتارەدا کە تەواوکەری ئەویانە هەردووکیان بلاودەکەینەوە ، هیوادارین جێگەی خۆیان بگرن .

پەراوێزەکان :

(1) مەبەست ئەو کتێبەمە کە سالی پار بە ناوی «مێژوو . کورتە باسێکی زانستی مێژووو کوردو مێژوو » «وە لە 318 لاپەرەدا بلاومکردەوە .

(2) بروانە : «کاروان» ژمارە 14 ، تەشرینی دووەمی 1983 ، ل 10 — 15 .

(3) بروانە : حیلمی عەلی شەریف ، هەلسەنگاندنێکی «مێژوو» . نرخاندنی کتێبی «مێژوو» ی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، ـ «هاوکاری» ، 19 ی کانوونی دووەمی 1984 ، ل 4 و 7 .

(4) بروانە : «مێژوو» ، ل 16 .

(5) بروانە : «خلاصة تاریخ الکرد وکردستان من اقدم العصور حتی الان» ، وضعه باللغة الکردیة محمد امین زکی ونقله الی العربیة وعلق علیه محمد علي عوني ، القاهرة ، 1939 ، ص 471 .

(6) (The Iraqi Directory . A General and Commercial Directory of Iraq) ,Baghdad , 1936

(7) مەبەست ئەتلتورکە .

(8) مەبەست ئاگربەس (هدنە) ی مۆدرۆسە کە کۆتایی بەشەری نێو هاوپەیمانەکانو دەولەتی عوسمانی هێنا .

(9) (The Iraqi Directory ... 1936) , pp . 574 — 575

(10) «العراق في الوثائق البریطانیة سنة 1936» ، إختیار وترجمة وتحریر نجدة فتحي صفوت ، بغداد ، 1983 ، ص 69 — 70 .

(11) بروانە : «مێژوو» ، ل 169 ، 275 .

(12) ناوی کتێبەکە بەم جۆرە چاپ کراوە : « غنچە ء بهارستان . جبی لیە دەرکوتنیو ژیانیو تواوی تمدنی کلانی کردان » . تالیفی السید حسین حزني الحسني ، مطبعة العصر الجدید ، حلب ، سنة 1925 .

(13) کەمێك دەستکاریی شێوازی نووسینەکەی کراوە .

(14) « غونچەی بەهارستان » ، ل 4 .

(15) دەقی ناوی کتێبەکە بەکوردی بەم جۆرەیە : «کوردوستان ـ شوێنی گەرانەوەی دە هەزار یۆنانی لە « 401 » ی پێش میلاددا . گەرانەوەی دەهەزار یۆنانی لەبابلەوە بۆ ئاتینلو تێپەرینیان بەناو کوردوستانا لە « 401 » ی پێش میلاد وەبلسی رەوشتو عەنعەناتی قەومەکانی ئەو سەردەمە » ، حەسەن فەهمی جاف لەفارسییەوە بۆ کوردی وەری گێراوە ، بەغدا ، 1961 — 173 ل .

(16) بروانە : «مێژوو» ، ل 143 ' 273 — 274 ' 302 .

(17) بروانە : «مێژوو» ل 150 — 151 . پەراوێزی ژمارە 120 .

(18) نامەکە رۆژی 10 ی ئەیلولی 1983نووسراوە .

(19) بروانە : «یوانی سەلام » ، بەغدا ، 1958 ل 1 .